## پەیامی ئامادەبووانی خۆپیشاندنەکەی دوێنێ6/1/2006 لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە هۆڵند لە شاری لاهای بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر

# دکتۆر کەمال مانگرتن بشکێنە تۆ تەنیا نیت ،بزووتنەوەی ئازادی خوازیت لە پشتە

**کەمپینی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئازادی بیرو ڕا  وە بەتایبەت کەمپین بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمالی سەید قادر لە مەودایەکی کورتدا عەرشوپایەی دەسەڵاتی ئیستبدادی لە کوردستاندا هێناوەتە لەرزین تائەو ڕادەیەی کە دامودەزگا جاسوسی و سەرکوتگەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەراسانبن و لە دڵی ئەوروپادا هەڕەشە لە خۆپیشاندەران بکەن و پیلان بۆ لەباربردنی داڕێژن پەنا بۆ چاوشکاندنی خەڵکی ئازادیخواز بەرن .بزووتنەوەی خەڵکی ئازادیخواز لەم دواییەدا بەڕادەیەک کاریگەرو کارسازبووە کە هەتا ئەمریکا دوای چاوداخستنو بێدەنگیەکی زۆر لە هەمو ئەو دەستدرێژیانە بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان بێتە زمان لە ژێر فشاری ئەم کەمپینەدا. وە نمونەکەی دوێنێی دیموکراسیەکەی لە کوردستاندا بە دوای خۆپیشاندانەکەی هۆڵەند خستە بەر ڕەخنەو نەیتوانی چیتر لە ئاوا حوکمێکی نارەوای پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر دکتۆر کەمالدا بێدەنگ بێت .**

**ئیعترافکردنی ئیدارەی ئەمریکی بەوەی کە سزای دادگاییکردنی دکتۆر کەمال کارێکی دژی دیموکراسیە لە کوردستاندا  وەرچەرخانێکی گرنگە لە ڕاسای پێشڕەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازیو پاشەکشەی ئیستبداد لە کوردستاندا وە ئەمە بۆخۆی سزادانێکی توندی دادگاو دەسەڵاتی ئیستبدادە لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازەوە .دەسەڵاتی ئیستبدادی پارتی دەبێت دەست لەم شێوازە  مامەڵە کردنە ناشارستانیو دژە ئینسانیە هەڵگرێتو پابەندی داخوازیەکانی کەمپینی ئازادکردنی دەستبەجێی دکتۆر کەمال بێت بە سەلامەتی . ئەبێت ئەوە ئاشکرا بێت بۆ دەسەڵاتی پارتی کە ئەم کەمپینە بەردەوام دەبێت تا دوا ئامانجەکانی بۆ پاشەکشە بە ئیستبدادو ئازادکردنی دەستبەجێی دکتۆر کەمال .کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسیو ڕادەربڕین بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازاندەکات کە بێنە مەیدان بۆ سەرخستنی ئەم کەپینە کەڕۆژی هەینی 6|1|2006 هەنگاوێکی گرنگی هەڵگرت لەم مەیدانەدا.**

هەر لێرەوە بەناوی سەرجەم ئامادەبووانی خۆپیشاندانی دوێنی 6-1وە داوا لەبەڕێز د.کەمال سەید قادر دەکەین کەبەر لەهەر شتێک خواستی ئێمە خۆپیشاندەران وئازادیخوازان سەلاماتی جەستەیی ورۆحی تۆیە. ئێمە لەپێناوی دیاع لەمافی ژیان بۆ تۆ وەبۆ هەموو تاکێکی ئەم ووڵاتە تێدەکۆشین. ئێمە زۆر نیگەرانی تۆین و دەمانەوێت فەورەن مانگرتنت لەخواردن بشکێنیت. ئێمە وهەموو ئازادیخوازان دەستماندداوەتە خەباتێک بۆ ئازادبوونی تۆ. خەڵک دەیانەوێت د.کەمال بەسەلامەتی تەواوەوە ئازاد ببێت.

د.کەمال، دڵنیات دەکەین کە تۆ تەنها نیت وئازادیخوازانی کوردستانت لەگەڵدایە لەدەرەوە و لەناوەوە.
بۆیە بۆ ئەوەی ئەم خەباتە بۆ ئازادی ئێوە تووشی نائومێدی نەبێت وتۆ بەسەلامەتی لەزیندان بێیتەدەرەوە
مانگرتنەکەت بشکێنە وپشت بەم هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیە ببەستە.

## سەرکەوتو بێت کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال
## بژی ئازادی سیاسی وڕادەربڕین
## ڕیسوا بێت دەسەڵاتی ئیستبدادی

***کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسو ڕادەربڕین-هۆڵند***

7کانونی دووەم 2006